WFP دەڵێت: ڕۆژانە ١٠٠ هەزار کەس لە جیهاندا بەهۆی برسێتییەوە دەمرن

ئاسایشی خۆراک لە گەرمیاندا ڕوبەڕوی هەڕەشە بووتەوە

لەکۆی ٧٠ ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە کوردستاندا، تەنها ٥٠٠ هەزاری بەرهەمی هەیە

پارێزگای سلێمانی لەناو ئەو چوار پارێزگایەی عێراقە، کە ئاسایشی خۆراکیان نییە

ڕاپۆرت: سامان

پسپۆڕێکی بواری ئابووری لە کوردستان دەڵێت:"بێکاری و نەبوونی هەلی کار و بەدخۆراکی لە گەرمیاندا هۆکارە بۆ نەبوونی ئاسایشی خۆراک لەو ناوچەیەدا و بەگشتیش ئاسایشی خۆراکی کوردستان لەژێر هەڕەشەدایە".

لەکاتێکدا جیهان بە گیانلەدەستدانی ٤٥ کەس لە هەفتەیەکدا بەهۆی ئەنفلۆنزای بەرازەوە دەشلەژێت، بەڵام پرۆگرامی خۆراکی جیهانیی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان پێنجشەممەی رابردووتر لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا ئاماژە بۆ کارەساتێکی لەوە گەورەتر دەکات کە برسێتی ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتر دەکوژێت.

زانای کۆمەڵناسی سویسری (یان تسیغلەر) دەڵێت:"ڕۆژانە ١٠٠ هەزار کەس لە جیهاندا بەهۆی برسێتییەوە دەمرن، لەهەر شەش چرکەشدا منداڵێکی بێت، بەو پێیەی بە دڵنیاییەوە بەدخۆراکی لە کوردستاندا هەیە. هۆکارەکەش ئەوەیە هەندێک خێزانی هەژار بوونیان هەیە کە ئەو کالۆرییەی ناو خواردن هەیە لە گۆشت و ئاوی پاک و پرۆتینات ئەو ڕێژەیە ناخۆن کە پێویستە ڕۆژانە مرۆڤێک بیخوات، هەر کەسێک لەو ڕێژەیە کەمتر بخوات تووشی بەدخۆراکی دەبێت".

موسا محەمەد ئاماژە بەوە دەکات کە لەناوچەکانی گەرمیاندا نادادەری ئابووری و نەبوونی هەلی کار و فێرکردنی تاکەکان بە پێدانی پارە لەلایەن حزب و حکومەتەوە هۆکارە بۆ دروستبوونی ئەو بەدخۆراکییە.

وتیشی:"ئێمە سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی زانستیمان لە ناحیەی (شۆڕش)ی لای چەمچەماڵ کرد بۆمان دەرکەوت ژنان و کچانی ئەوێ لە ئاستێکی نزمی داهات و خۆراکدان".

لە ڕاپۆرتەکەی WFPدا ئاماژە بە نەبوونی ئاسایشی خۆراک کراوە لەو ناوچانەی ئەو چوار پارێزگایە، کە یەکێکیان سلێمانییە. بەپێی پێناسی ئابوریش ئاسایشی خۆراکی بریتییە لەوەی کە هەر تاکێک توانای بەدەستهێنانی ئاوی پاک و خۆراکی بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی هەبێت بەبێ کێشە بەتایبەت بۆ کەسانی تا تەمەن ١٥ ساڵان.

ڕوپێوییەکی هاوبەشی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی و حکومەتی عێراقی ئاماژە بەوە دەکات کە ٩٣٠ هەزار کەس لە عێراقدا ناتوانن خۆراکی گونجاو دابین بکەن بۆ خواردن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاسایشی خۆراکیان نییە.

ئێدوارد کالۆن بەڕێوەبەری پرۆگرامی خۆراکی جیهانی لە عێراق دەڵێت:"٩٣٠ هەزار کەس ژمارەیەکی زۆرە بۆ ووڵاتێک دەوڵەمەندی وەک عێراق، هەروەها ٦ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسی تریش هەڕەشەی نەبوونی ئاسایشی خۆراکیان لەسەرە ئەگەر دەسەڵاتداران تۆڕی پاراستنی هاووڵاتیان دابین نەکەن".

پرۆگرامی خۆراکی جیهانیی سەر بە نەتەووەیەکگرتوەکان گەورەترین ڕێکخراوی تایبەتە بە کاروباری مرۆیی لە جیهاندا و تایبەتمەندە بە ڕووبەڕووبونەوەی برسێتی. ئەم پرۆگرامە هاوکاری خۆراک پێشکەش بە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس لە نزیکەی ٧٧ دەوڵەتی جیهاندا دەکات.

WFPئاماژە بەوە دەکات کە لە جیهاندا نزیکەی یەک ملیار کەس شەوانە بە برسێتی دەچنە سەر جێگاکانیان و بەو پێیەش قوربانیانی ئافاتی برسێتی لە هەموو ساڵێکدا زۆر زیاترە لە قوربانیانی نەخۆشییەکانی ئێیدز و مەلاریا و سیل.

ئەو ڕاپۆرتەی WFPلە کاتێکدایە کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکەن ئاستی بژێوی خەڵک و توانای خەرجی تاک لە پارێزگاکانی هەرێمدا چوار جار زیاترە لە پارێزگاکانی تری عێراق، بەڵام موسا محەمەد ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت:"ئەوان پشتیان بە ڕوپێوییەک بەستوە کە زانستی نییە، چونکە بۆ نمونە لە پارێزگای سلێمانی ٩٠٠-١٠٠٠ کەس وەرگیراوە، لەکاتێکدا دەبێت لەهەر شارێکدا دیوی باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ناوەندی شارەکە وەربگیرێت".

ئەو ئاماژەی بەوەشدا کە ئاسایشی خۆراک لە کوردستاندا لەمەترسیدایە و لەو ڕوەشەوە وتی:"زۆربەی کاڵا بازرگانییەکان لە دەرەوە دێنە کوردستانەوە. ٥٠%ی ئەو مادانەشی دێنە کوردستانەوە یان بەسەرچوون، یان پێکهاتەکانیان باش نین. هەروەها ئێستا لە کوردستاندا ٧٠ ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە، کەچی ٥٠٠-٦٠٠ هەزار دۆنمی بەرهەمهێنانی هەیە، ئەگەر سنورەکانمان لێ دابخرێت، مەترسییەکە زیاتر دەبێتەوە".

منداڵێکی خوار تەمەن ١٠ ساڵان گیان لەدەست دەدات".

ڕۆژی ٢٦ی مانگی پێشوو پرۆگرامی خۆراکی جیهانی (WFP)لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە چوار پارێزگای عێراق (سلێمانی، دیالە، نەینەوا و واسیت) گیرۆدەی گرفتی نەبوونی ئاسایشی خۆراکن. ڕاپۆرتەکە ڕوونی کردۆتەوە کە ئەوان پرۆژەیەکی ئەزموونییان داناوە بۆ دابینکردنی ژەمی خۆراکی خۆڕایی ڕۆژانە بۆ نزیکەی ١٧٠ هەزار خوێندکاری خوێندنگە سەرەتاییەکانی هەشت ناوچەی ئەو چوار پارێزگایە.

ئابوریناسێکی کورد بە(زەنگ)ی ڕاگەیاند کە حکومەتی کوردستان نەیتوانیوە چارەسەری گرفتی ئاسایشی خۆراک بکات و بەرنامەی گونجاوی بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ئەو پەتایە نەبوە، بۆیە سلێمانی لە پێشەوەی پارێزگا برسییەکانی عێراقەوە هاتووە.

توێژینەوە ئابورییەکان کە پرۆگرامی خۆراکی جیهانی پشتی پێبەستوون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە جیهاندا ٢٥ هەزار کەس ڕۆژانە بەهۆی برسێتی و هۆکارە پەیوەستەکانی ئەو پەتایەوە گیان لەدەست دەدەن. ئەوەش ڕوون کراوەتەوە کە لە هەر شەش چرکەدا منداڵێک بەو هۆیەوە دەمرێت.

موسا محەمەد پسپۆڕی بواری ئابووری لە کوردستان پێی وایە کە ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی WFPدا ئاماژە بە سلێمانی کراوە، ڕەنگە مەبەست لە ناوچەی گەرمیان بێت، بەو پێیەی لە گەرمیان زیاتر بەدخۆراکی و بێکاری دەبینرێت و ئاسایشی خۆراکیش لە مەترسیدایە لەو ناوچەیە.

ئەو ئابوریناسە بە(زەنگ)ی وت:"پێموابێت مەسەلەکە برسێتی نەبێت بەو شێوەیەی وتراوە، بەڵکو بەدەستهێنانی خۆراکی بێت، بەو پێیەی بە دڵنیاییەوە بەدخۆراکی لە کوردستاندا هەیە. هۆکارەکەش ئەوەیە هەندێک خێزانی هەژار بوونیان هەیە کە ئەو کالۆرییەی ناو خواردن هەیە لە گۆشت و ئاوی پاک و پرۆتینات ئەو ڕێژەیە ناخۆن کە پێویستە ڕۆژانە مرۆڤێک بیخوات، هەر کەسێک لەو ڕێژەیە کەمتر بخوات تووشی بەدخۆراکی دەبێت".

موسا محەمەد ئاماژە بەوە دەکات کە لەناوچەکانی گەرمیاندا نادادەری ئابووری و نەبوونی هەلی کار و فێرکردنی تاکەکان بە پێدانی پارە لەلایەن حزب و حکومەتەوە هۆکارە بۆ دروستبوونی ئەو بەدخۆراکییە.

وتیشی:"ئێمە سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی زانستیمان لە ناحیەی (شۆڕش)ی لای چەمچەماڵ کرد بۆمان دەرکەوت ژنان و کچانی ئەوێ لە ئاستێکی نزمی داهات و خۆراکدان".

لە ڕاپۆرتەکەی WFPدا ئاماژە بە نەبوونی ئاسایشی خۆراک کراوە لەو ناوچانەی ئەو چوار پارێزگایە، کە یەکێکیان سلێمانییە. بەپێی پێناسی ئابوریش ئاسایشی خۆراکی بریتییە لەوەی کە هەر تاکێک توانای بەدەستهێنانی ئاوی پاک و خۆراکی بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی هەبێت بەبێ کێشە بەتایبەت بۆ کەسانی تا تەمەن ١٥ ساڵان.

ڕوپێوییەکی هاوبەشی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی و حکومەتی عێراقی ئاماژە بەوە دەکات کە ٩٣٠ هەزار کەس لە عێراقدا ناتوانن خۆراکی گونجاو دابین بکەن بۆ خواردن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاسایشی خۆراکیان نییە.

ئێدوارد کالۆن بەڕێوەبەری پرۆگرامی خۆراکی جیهانی لە عێراق دەڵێت:"٩٣٠ هەزار کەس ژمارەیەکی زۆرە بۆ ووڵاتێک دەوڵەمەندی وەک عێراق، هەروەها ٦ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسی تریش هەڕەشەی نەبوونی ئاسایشی خۆراکیان لەسەرە ئەگەر دەسەڵاتداران تۆڕی پاراستنی هاووڵاتیان دابین نەکەن".

پرۆگرامی خۆراکی جیهانیی سەر بە نەتەووەیەکگرتوەکان گەورەترین ڕێکخراوی تایبەتە بە کاروباری مرۆیی لە جیهاندا و تایبەتمەندە بە ڕووبەڕووبونەوەی برسێتی. ئەم پرۆگرامە هاوکاری خۆراک پێشکەش بە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس لە نزیکەی ٧٧ دەوڵەتی جیهاندا دەکات.

WFPئاماژە بەوە دەکات کە لە جیهاندا نزیکەی یەک ملیار کەس شەوانە بە برسێتی دەچنە سەر جێگاکانیان و بەو پێیەش قوربانیانی ئافاتی برسێتی لە هەموو ساڵێکدا زۆر زیاترە لە قوربانیانی نەخۆشییەکانی ئێیدز و مەلاریا و سیل.

ئەو ڕاپۆرتەی WFPلە کاتێکدایە کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکەن ئاستی بژێوی خەڵک و توانای خەرجی تاک لە پارێزگاکانی هەرێمدا چوار جار زیاترە لە پارێزگاکانی تری عێراق، بەڵام موسا محەمەد ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت:"ئەوان پشتیان بە ڕوپێوییەک بەستوە کە زانستی نییە، چونکە بۆ نمونە لە پارێزگای سلێمانی ٩٠٠-١٠٠٠ کەس وەرگیراوە، لەکاتێکدا دەبێت لەهەر شارێکدا دیوی باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ناوەندی شارەکە وەربگیرێت".

ئەو ئاماژەی بەوەشدا کە ئاسایشی خۆراک لە کوردستاندا لەمەترسیدایە و لەو ڕوەشەوە وتی:"زۆربەی کاڵا بازرگانییەکان لە دەرەوە دێنە کوردستانەوە. ٥٠%ی ئەو مادانەشی دێنە کوردستانەوە یان بەسەرچوون، یان پێکهاتەکانیان باش نین. هەروەها ئێستا لە کوردستاندا ٧٠ ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە، کەچی ٥٠٠-٦٠٠ هەزار دۆنمی بەرهەمهێنانی هەیە، ئەگەر سنورەکانمان لێ دابخرێت، مەترسییەکە زیاتر دەبێتەوە".

پۆلیسی فریاکەوتنی سەعدیە بەرپرسی کۆمیتەی حزبی شیوعی دەستگیرکردوە

زەنگ-بڕیار محەمەد

ئەم هەفتەیە لەکاتی کۆبونەوەیەک لەنێوان ئەمریکیەکان و هێزە کوردستانیەکان و دام دەزگا حکومیەکان لەسەعدیە بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی سەعدیەی حزبی شیوعی لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنەوە دەستگیر کرا.

ئەگەرچی هەندێک کەناڵی میدیایی وایان بڵاو کردبووە کە ئەو بەرپرسە لەلایەن ئەمریکیەکانە وەگیراوە بەڵام عەدالەت ئەحمەد ئەندامی محەلی خانەقینی حزبی شیوعی کوردستان وتی:"ئەو هەواڵانە درۆیە و ئەو هاوڕێیەمان لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنەوە دەست بەسەرکراوە و تەنیا لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەی لەجێگەیەکی چەق وەستاندبوو".

شایەنی وتنە، ماوەیەک بەر لەئێستا برایەکی نەسیر موحسین بەرپرسی کۆمیتەی حزبی شیوعی لەلایەن چەکدارە توندڕەوەکانەوە کوژراوە.

خەڵکی کفری شارەکەیان بە گرتوخانە دەزانن

"شارێک ئەمپەڕی زیندان بێت و ئەوپەڕی قەبرسان، دەبێ چی خۆشیەکی تێدا بێ!"

قادر قەرەداغی-کفری

خەڵکی چاوەڕوانی پرۆژەی گەورەیان دەکرد لەشارەکەیان کەچی حکومەت هەستا زیندانی بۆ دروستکردن، زۆربەی دانیشتوانی کفری بە دروستکردنی گرتووخانە لە شارەکەیاندا بە شتێکی ناشایستە دەبینن وپیان وایە کار لەسەر ناوزراندنی ناوبانگی شارەکەیان دەکات.

سەرەڕای ئەوەی بە بەردی حەلان ومەرمەر دروستکراوە بەڵام ناوەکەی هەر زیندانە هەر لە ملەکەی ناسالح هاتیتە خوارەوە دیمەنی گرتن ودەست بەسەربوون وئەشکەنجە دانت دێتەوە یاد بە بینیی گرتووخانەی کفری هەرچی ئازادی بیرکردنەوەت هەیە تووشی سرینەوەی گشتی دەبن.

مەلا مەحمودی تەمەن ٥٢ ساڵ لەلای خۆیەوە دەڵێ:"دروستکردنی زیندان لە کفری شتێکی باش نیە وحکومەت لەبری ئەوەی بێت کار لەسەر زیاتر ڕۆشنبیر کردنی خەڵک بکات دێت زیندانیان بۆ دروست دەکات ومەعقول نیە ئێمەی کورد لەبری ئەوەی هەنکاو بەرەو پێش بین بەرەو دواوە دەڕوین". ئەو پیاوە دوکاندارە دریژەی پێدا، پێویستە ئێمە نەفرەت لە کێشە بکەین نەفرەت لەدزی بکەین بۆیە پێویستە حکومەت لەبری زیندان شتی باش دروست بکات وخەڵکی ڕابهێنین سەرپێچی نەکات وبەدەستی خۆی خۆی باش بکات وخەڵکی لەسەر ئەوە ڕابهێنن موحاسەبەی خۆی بکات لەبری ئەوەی زیندان بکرێت .

مەلا مەحمود وتیشی :"پێویستە حکومەت کار لەسەر ئەوەبکات گەنجانمان لە کێشە وگرفت دوور بن نەک بێت بیان تۆقینی وزیندانیان بۆ دروست بکات" .

مەلا مەحمود ئاماژەی بەوەدا دەبێ ئێمەی خەڵکی کفری لانە دروست بکەین بۆ کەسوکاری ئەوە کەسانەی زیندانی دەکرێن وئیش وکاری ئێمە ئەوە بێت فلان گیرا وفلان دەستگیرکرا بۆیە دوور نیە خەڵکی شارەکە فێری خووڕەوشتی خراپ بێت بەهۆی ئەو زیندانەوە. مام مەلا زیاتر دەڵێ:" دەبوایە حکومەت پرسی بەخەڵکی شار بکردایە ئینجا دروستی بکردایە چونکە من دڵنیام ٨٠% خەڵکی کفری ناڕازین لەدروستکردنی زیندانخانە لە شارەکەیان" .

عەباس حوسین دەڵی :"حکومەت لەبری ئەوەی کارگەیەک دروست بکات وسەدان گەنجی دەستبەتاڵی شارەکە بە بەردەوامی تێدا کار بکەن دێت زیندان دروست دەکات وناوی شارەکە دەزڕێنی".

ئەوگەنجە ئاماژەی بەوەدا دڵنیام ئەو پرۆژەیە لەلایەن چەندین شارەوانی کوردستان ڕەتکراوەتەوە وهاتوون لێرە جێ بەجێی دەکەن و کەی کێشەی ئێمەیە زیندانیەکان شوێنیان نیە .

ئاراز حاجی قادری تەمەن ٣٧ ساڵ لەلای خۆیەوە دەڵی:" ئەگەر یاسا بەرقەرار بێت ئاسایە زیندان دروست بکرێت بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم وەڵاتە لەوەدایە یاسا بەسەر هەموان جێ بەجێ ناکرێت وئەوانەی پشتیان هەبێ زیندان نابینن تەنها ئەو کەسانە زیندانی دەکرێن کە بێ پشتن بۆیە لەکوردستاندا تەنها قوربەسەر زیندانی دەکرێت".

حوسین کەریم پێی وایە، ئەگەر بەوە ڕازی بووین زیندان لەشارەکەدا بێت دەبێ بەتانە وتەشەرەی کەسوکاری زیندانیەکان ڕازی ببیت چونکە بێ گومان خاوەنی زیندانیکراو منداڵەکەی بە پەری دادەنێ وهەرچی خەفەتی دڵی خۆی هەیە بە کفری دەیڕژینی.

وەحید عەباسی تەمەن ١٧ ساڵ دەڵێ:"دروستکردنی زیندان لەکفری زۆر ناخۆشە لەسەر ناوی شارەکە وسومعەتی تێک دەدات"

وەحید نمونەی هێنایەوە برادەرێکم چونکە لە موعسکەر سەلام زیندانی بووە لەو ڕۆژەوە نەفرەت لە سلێمانی دەکات وحەز لەناوەکەشی ناکات وتەنانەت دەڵی ئەگەر بمرم سەر بە سلێمانی ناکەم هۆکارەکەش موعسکەر سەلامە.

سامی حەمید سەمین لێکۆڵەری یاسای لە دادگای کفری سەبارەت بەدروستکردنی زیندان لەشارێکی بچووکی وەک کفری وتی: "بڕیاری دروستکردنی زیندان لەکفری زۆر خراپە وهیچ سودێکی نیە بۆ شارەکە لە هیچ ڕوویەکەوە بەلایەنی ئابوریشەوە ".

سامی تەمەن ٣٠ ساڵ بە پێکەنینەوە ئاماژە بەوە دەکات شارێک ئەمپەڕی زیندان بێت وئەو پەڕی قەبرسان بێت چ خۆشیەکی تێدا بەدی دەکرێت بێگومان بەرپرسانی کوردستان کفری خۆیان وەک زیندانێکی گەورە دێتە بەرچاو بۆیە بڕیاری وەهایان داوە"سەبارەت بە کارێگەری ئەم بڕیارە لەسەر لایەنی دەروونی خەڵکەوە لێکۆڵەری یاسایی دەڵێت:"خەڵکی شارەکە بەگشتی خەڵکێکی سادەن وهەموو شتێک کاریان لێدەکات بۆیە بێ گومان هەبوونی زیندان لە شارەکەدا ڕۆڵێکی باشی نابێت لەسەر خووی دانیشتوانی شارەکە چونکە لەکۆێ خەڵک باخچە وسەیراگا وئاوەدانی ببێنێت لە کۆێ زیندان ودیواری تاریک ببێنێت

نەوزاد ڕەشید :ئەو گرتووخانەیە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە و وەزارەتی ناوخۆ سەرپەرشتی دەکات وئێمە تەنها زەویمان بۆ دابین کردووە .

لەکفری گرتوخانەیەک دروست دەکرێت

نووسینگەی سەرەکی: کفری-بینای کۆنی کتێبخانەی گشتی (تەلەفۆن: ٠٧٤٨٠٢٢٢٦٦) نووسینگەی کەلار: ناو بازاڕ-بینای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان (مۆبایل: ٠٧٧٠١٩٩٣٨٢٤).. لە چاپخانەی کەمال لە سلێمانی چاپ دەکرێت
ڕاوێژکاری پەروەردەیی: عەلی حسێن ساڵح ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی: شکور حەمەی هەیەر نووسینگەی کەلار: شەیما جەمال-بڕیار محەمەد